www.kurdistannet.org
4-7-2006 12:12  بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## ئەوانەی خوڵکنامەکەی ئەحمەدی نەژادیان قبوڵ کرد نوێنەرایەتی قوربانیانی هەڵەبجە ناکەن ... دلێر محمد عەلی

لەسەر داواکاری سەرکۆماری ئێران ئەحمەد ئەحمەدی نەژادی تاوانبار کە دەستی سورە بە خوێنی د. قاسملو و هاورێکانی، وەفدێک لە شاری هەڵەبجەوە لە بەرواری 6/27 بەرێدەکەون بۆ شاری سەردەشت بۆ ئەوەی لە رۆژی دواییدا لە 2006-6/28 دا بەشداری بکەن (وەک خۆیان بانگەوازیان بۆ کردووە) لە رێزگرتن لە قوربانیانی دەستە خوشکی شارە خوێناویەکەمان شاری هەڵەبجە، ئەو وەفدە وەک ئاماژەی پێدراوە لە بەرپرسی شارەوانی هەڵەبجە و هەندێ کەس بەناوی قوربانیانی شاری هەڵەبجە و یانەی رۆشنبیری ئەو شارە نەبەردە پێکهاتبوو کە نەیانتوانیبوو خوڵکنامەی برا گەورەکەیان ئەحمەدی نەژاد رەت بکەنەوە و دڵی بشکێنن، هەر لەبەر ئەوەش بەرەو شاری خوێناوی سەردەشت دەکەونە رێ بەڵام نەک بۆ لای قوربانیانی سەردەشت بەڵکو بۆ لای نوینەری ئەحمەدی نەژادی سەرکۆماری ئێران ئاغای مەتەقی بۆ دەسخۆشیکردن لەو تاوانانەی کە رژێمی ئێراق دەستی پێکرد و رژێمی ئێرانیش بە فیشەکی رەحمەت تەواوی کرد و منداڵە ساواکەی مام قادریش با بە قوربانی برای گەورەی سەرۆک نەژاد بێت.

جێی باسە لەو بڵاوکراوەی کە لینکەکانی لە خوارەوەدا هاتووە، ئەو بەرێزانە نەرۆیشتوون بۆ لای قوربانیانی شاری سەردەشت بەڵکو بۆ لای ئاغای مەتەقی و کاربەدەستانی ئێرانی و داواکاریان بۆ ئەحمەدی نەژاد ناردووە و سەرسورمانیش لەوەدایە کە ئەوانە بەناوی خۆیانەوە نەرۆیشتوون بەڵکو خۆیان بە نوینەر داناوە، نەک تەنها بە نوێنەری قوربانیانی هەڵەبجە، بەڵکو رێگەیان بەخۆیان داوە نوێنەرایەتی قوربانیانی سەردەشتیش بکەن و داواکاریەکی زەلیلانەیان بۆ سەرۆک ئەحمەدی نەژاد ناردوە کە قەرەبویان بکاتەوە بۆ سەردەشت و داوای هاوکاری پزیشکیش بۆ شاری هەڵەبجە، راستە دەسەڵاتی کوردی ئەو شارەی پەراوێز کردووە، بەڵام ئەوە قەت پاساوی داواکرییەکی لەو جۆرە ناکات.

لەوە دەچێت ئەو بەرێزانە یان زۆر بێ ئاگان یان ئەوەندە کۆماری نائیسلامی ئێرانیان لا پیرۆزە کە ئامادەن پێ بەسەر هەموو شتێکی پیرۆزدا بنێن و بێ گوێدان بە ئاه و ناڵەی باشماوەی قوربانیان جەلادێکی وەک رژێمی ئێران و سەرۆکە دەست خوێناویەکەی بکەن مافپارێزی کوژراوانی دەستی خۆیان، بەراستی ئەوە لوتکەی سوکایەتیکردنە بە قوربانیانی هەڵەبجە و سەردەشت و سەرجەم گەلی کورد و پێویستە رێکخراو و خەڵکانی خاوەن هەڵوێست بێ دەنگ نەبن لەسەری لەسەروی هەمویانەوە ئیدارەی کوردی (ئەگەر خۆی بۆ مامەڵەکردن نەیناردبێتن) .

جێی سەرنجە لای من کە یەکێک لەوانەی کە لەگەڵ وەفدەکەدا بووە هەموو خێزانەکەی لە کیمیابارانی هەڵەبجەدا شەهید بوون و تەنها خۆی ماوەتەوە، ئەمەش دیاردەی ناهۆشیاری و بێ ئاگایی نیشان دەدات ئەگەر بەرژەوەندی تری لە پشتەوە نەبێت، لەبەر ئەوەی کەس لە خەڵکی هەڵەبجە دزی و تاڵانی پاسداران و بەسیجەکانی ئێرانیان لەبیر ناچێت لەدوای کیمیابارانەکەی 1988/3/16 کە جۆن ئۆتۆمۆبیلی خەڵکی هەڵەبجەیان زەوت دەکرد و ماڵەکانیان تاڵان دەکردن، تەنانەت وایەری کارەباکانیشیان لێ دەکردەوە و بەرەو ئێرانیان دەبرد، دوای ئەوەش ئەو هاوکاریانەی کە ئێران پێی دەگەیشت نیواونیوی دەکرد لەگەڵ لێقەوماواندا.

هەروەها لەوە دەچێت ئەو بەرێزان یان ئاگادار نین یان گرنگ نیە بەلایانەوە رژێمی ئێران چی دەوێت و چی کردووە بەتایبەت لەماوەی ئەم ساڵەی رابوردودا، کەچۆن دەیویست لە دادگای لاهای بەشێوەیەکی نامرۆڤانە گومان بخاتە سەر تاوانی کیمیابارانی هەڵەبجە و ناساندنی بە کردەوەیەکی جینۆسایدی دژ بەگەلی کورد، و قۆزینەوەی بۆ بەرژەوەندی خۆی، کە دوای ئەوەی بۆی نەچوە سەر و سوک و ریسوا کرا دوایی باڵوێزەکەی بە سەرشۆری هۆڵی دادگای بەجێهێشت، توانی رۆڵی کاریگەر ببینێت لە سوتاندنی مۆنیومێنتی هەڵەبجە لە رێی یاوەرانی خۆیەوە و لە ژێر دروشمی (نامانەوێ پەرلەمان بمانخەنە سەر ئێران) .

ئەگەر ئەو بەرێزانە هەموو ئەوانەشیان لەبیر نەمابێت لەبەر نەخوشی لەبیرچونەوە، خۆ رۆژانە دەبیستن کە رژێمی ئێران چۆن هەڵسوکەوت دەکات لەگەڵ گەلەکەمان لە رۆژهەڵات، ئەو گەلە قارەمانەی کە ماڵ و باوەشیان کردبووەوە بۆ لێقەوماوان بێ سڵکردنەوە لە سزای رژێمە دیکتاتۆرەکەیان.

بەرای من رۆیشتنی ئەو بەرێزانە بۆ رێزگرتن لە قوربانیانی شاری سەردەشت نەبوو، بەڵکو بۆ دەسخۆشیکردن لە حکومەتی ئێران بووە و بێ ئەرزش کردنی ئەو تاوانانەیە کە رژێمی داگیرکەری ئێران لەهەمان ئاستی رژێمی داگیرکەری ئێراقدایە لە سەرکوتکردن و بەکۆمەڵکوژی گەلی کورد و سوکایەتی پێکردنی، لەهەمان کاتیشدا بۆ پشتگیریکردنە لە ئێران کە لەژێر تەوژمێکی نێودەوڵەتیدایە لەسەر بەرنامە ئەتۆمیەکانی کە تەنها دژ بە مرۆڤایەتی بە گشتی و میللەتی کورد بەتایبەتی بەکار دیت لە ئایندەدا.

ئەم سەردانە جەند پرسیارێک دینێتە ئاراوە کە پێویستە ئەو بەڕێزانە بەتایبەت بەرپرسی شارەوانی شاری هەڵەبجە کە کارمەندێکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە وەڵام بدرێتەوە، هەروەها پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان کە بە فیشەک و زیندانیکردن وەڵامی خۆپیشاندەرانی شاری هەڵەبجەی دایەوە بەتۆمەتی دەستی بێگانە و ناحەز، ڕوونکردنەوەیەکی هەبێت لەسەر ئەو جۆرە سەردانە.

لە کۆتاییدا ئەم پرسیارانە دەخەمە ڕوو بۆ ئەو بەڕێزانەی کە چوون بۆ ئێران، و بۆ خوێنەری کورد لە ڕێکخراو و کەسایەتی نیشتمانپەروەری کورد.

1. ئایا کێ مافی نوینەرایەتیان بەو بەڕێزانە داوە بۆ سەردانی رژێمێکی داگیرکەر و دەسخۆشیکردن لە تاوانبارێکی وەک ئەحمدی نەژاد؟.
2. کە ئەو بەڕێزانە بێ ئومێد بوون لە دەسەڵاتی کوردی بۆ هاوکاریکردنی قوربانیانی هەڵەبجە، ئایا بە چ پێوەرێک ڕژێمێکی وەک ئێران بە پاڵپشتی قوربانیانی کیمیاباران دەزانن؟
3. ئایا مەبەستی ڕاستەقینەی سەردانێکی لەو جۆرە چیە؟
4. ئایا بۆچی دەسەڵاتی کوردی ڕۆڵی ئێران لە سوتاندنی کۆنیومینتی قوربانیانی هەڵەبجەدا ڕوون ناکاتەوە؟ ئەگەر ئێران یەکێک نەبووبێت لەو لایەنانەی کە لە پشتی سوتاندنی ئەو مۆنیومینتە، ئایا بۆ ئەو لایەنانە ئاشکرا ناکەن وەک خۆیان پەیمانیان دا؟
5. ئایا حیزب و ڕێکخراو و ڕۆشنبیری خاوەن هەڵوێستی نیشتمانپەروەر چۆن ئەو جۆرە سەردانە و ئەو داواکاریانەی کە باسیان لێکراوە هەلدەسەنگێنن؟

لینکەکان:

http://pukmedia. com/kn-htm/Kn23. htm

http://www. pukmedia. com/kurdinews/27-6/news26. html

2006/7/3